# پەیامەکەی هیلالی کوڕی میر بەدری حسنەوی لەبارەی گرتنی باوکییەوە

**کامران عزیز عبدالله** [١]

[١] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی هیلال دوای دەستگیرکردن و زیندانیکردنی میر بەدری باوکی هات، لە ئەنجامی ئەو کارە نابەجێ و ناپەسندەی، کاردانەوەی خەڵکی بەدوای خۆیدا هێنا، بۆیە هیلال دەستی کرد بە پاساو هێنانەوە بە ئایین، لە کاتێکدا پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەم کارەی وەرگرتنی دەسەڵات بوو نەك هۆکاری ئایینی. ئەم توێژینەوەیە بۆ دوو تەوەر دابەش بووە؛ لە تەوەری یەکەمدا لەسەر هۆکارەکانی بڵاوبوونەوەی پەیامەکەی هیلال دواوین لە میانەی دوو خاڵدا، لە خاڵی یەکەمدا ئاماژەمان بە کاردانەوەی خەڵك کردووە بەرامبەر بە هیلال کە کاریگەری لەسەر بڵاوبونەوەی پەیامەکە هەبووە، بەڵام لە خاڵی دووەمدا لەسەر پێگە و شەرعیەتی میر بەدر دواوین لەلایەن بوەیهی و خیلافەی عەباسی، کە هۆکار بوو بۆ بڵاوبونەوەی پەیامەکە. لەتەوەری دووەمدا دوو خاڵمان خستۆتەڕو، لە خاڵی یەکەمد ئاماژەمان بە بەکارهێنانی ئایین لەلایەن هیلال کردووە بۆ ڕەوایەتیدان بە کارەکانی لە میانەی بەکارهێنانی دروشمی ئایینی، لە خاڵی دووەمدا قسەمان لەسەر ئەو زیادەڕەوییانە کردووە لە ستایش کردنی هیلال لە پەیامەکە، کە وەك کەسێکی چاکەکار دەرکەوتووە، لە کاتێکدا میر بەدریی باوکی بە کەسێکی بێئاگا و دور لە ئایین و تاوانبار وەسفکردووە، ئەم تاوانبارکردنەش پێچەوانەی قسەی مێژونوسان و سەرچاوە مێژووییەکانە کە باسی میر(بەدر)یان بە کەسێکی بەڕێز و دور لە تاوان کردووە.

**کلیلە وشە:** پەیام، دەسەڵاتخوازی، ڕەوایەتدان، زیندانیکردن، میرنشینی حسنەوی

## ١. پێشەکی

بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی هیلال دوای دەستگیرکردن و زیندانی کردنی میر بەدری باوکی هات، لە ئاکامی بەرزبوونەوەی دەنگی ناڕەزایی و ڕەخنەگرتن لەو کردارە، کە بە کارێکی قێزەون سەیریان دەکرد، بۆیە هیلال دەستی کرد بە پاساو هێنانەوە و ڕەفتارەکانی پەیوەست کرد بوو بە ئایین، لە کاتێکدا ئەم بابەتە بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ئایینەوە نەبوو، بەڵکو پاڵنەری سەرەکی بۆ ئەم کارەی، ویستی دەسەڵاتخوازیی و وەرگرتنی دەسەڵات بوو.

لەسەر ئەم بنەمایە توێژینەوەمان لە ناوەرۆکی پەیامەکە بە گرنگ زانی، بۆ ئەوەی ڕوی ڕاستەقینەی هیلال دەربخەین و شیکردنەوە بۆ دەق و بیروبۆچونەکانی بکەین و قسەکانی لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی، کە لەسەر بەدری باوك دواون بەراورد بکەین، هەروەها بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستیانەی، کە لە دیوی دووەمی پەیامەکەدا ئامادەیی هەیە. سروشتی توێژینەوەکە وای خواستوە، کە دابەش بێت بۆ سەر دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەمدا باس لە هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی نامەکە دەکەین، لە خاڵی یەکەمدا قسە لەسەر هەڵوێستی بەشێك لە خەڵك بەرامبەر بە هیلال دەکەین، کە کاریگەری لەسەر بڵاوبونەوەی پەیامەکەی هەبووە، هەروەها لە خاڵی دووەمدا ئاماژەمان بە پێگە و شەرعیەتی میر بەدر کردووە، کە ئەمەش هۆکار بووە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی ، لە تەوەری دووەمدا باس لە بەکارهێنانی ئایین دەکەین لە پەیامەکە، بە مەبەستی

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان
بەرگی ٢، ژمارە ١ (٢٠١٩)
ڕێککەوتی وەرگرتن ٢٩ ئاب ٢٠١٨؛ پەسەندکرا لە ڕێککەوتی ٢٩ کانونی دووەم ٢٠١٩ توێژینەوەی ڕێکخراو: لەڕێککەوتی ١٣ حوزەیران ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: kamaran.aziz@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠١٩، **د. کامران عزیز عبد الله**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - ٤.٠ CC BY-NC-ND

Original Article | doi: 10.14500/kujhss.v2n1y2019.pp62-69

ڕەوایەتیدان بە کۆدەتاکە، کە تێیدا لە خاڵی یەکەم لەسەر چەندین پاساوی ئایینی دواوین، کە بۆ کارەکانی هێناویەتەوە، هەروەها لە خاڵی دووەمدا قسەمانکردووە لەسەر ستایشکردنی خود و تاوانبارکردنی ئەو لە ڕوانگەیەکی ئایینیەوە، کە لە پەیامەکەدا هاتووە بە مەبەستی ڕەوایەتیدان بە کارەکەی.

سەرەڕای ئەوەی پەیامەکە بە شێوازێکی عەرەبی زۆرکۆن نوسراوەتەوە، بەڵام دێر بە دێری نامەکەمان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە، لەبەرئەوەی زمانی نوسینی توێژینەوەکە زمانی کوردییە، هەروەها بۆ زیاتر قوڵبونەوە لە ماهیەتی پەیامەکە.

لەم توێژینەوەدا چەندین سەرچاوەی جۆربەجۆرمان بەکارهێناوە، ئەگەرچی سەرچاوە مێژووییە ناسراوەکان لەم پەیامەی هیلال نەدواون، بەڵام خۆشبەختانە (ابن حمدون، م:٥٦٢ک/١١٦٦م) لە پەرتوکەکەی بە ناوی (تذكرة الحمدونية)، دەقی نامەکەی یاداشتکردووە، لێرەدە ئێمەش کارمان لەسەر ئەو پەیامە کردووە.

## ٢. دەروازە: ناساندنی هیلالی کوڕی بەدر

کاتێك باسی (هیلالی کوڕی بەدر) دەکرێ، دەبێت ئاماژە بە میرنشینی حسنەوەیهی بکرێ، کە دامەزرێنەرەکەی میر حەسنەوی باوکی بەدری سەرۆکی هۆزی بەرزیکانی بوو، کە لە دەوروبەری ساڵی(٣٤٨ك/٩٥٩ز) ئەم میرنشینەی لە هەرێمی چیا دامەزراند (زامباور، ١٩٥١: ٣٢١/٢) (بول، ١٩٦٨: ١٣٣)، کە ناوچەیەکی بەرفراوان لە شارەکانی هەمەدان، نەهاوەند، دەینەوەر، کرمەشان، صامغان و چەندین ناوچەی تر دەگرتەوە (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٣٧١/٧-٣٧٢) (ابن خلدون، ٢٠١١: ١٨٤٤/٣).

دوابەدوای مردنی حەسنەوەی لە ساڵی(٣٦٩ك/ ٩٧٩ ز) بەهۆی سیستەمی پشتاوپشت بەدری کوڕی بە هاوکاری بوەیهییەکان[١] لەنێو براکانی هەڵدەبژێردرێت و دەسەلات دەگرێتە دەست( الروذراوري، ٢٠٠٣: ١٢/٦-١٣)(ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٣٧٢/٧-٣٧٣) و بۆ ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی دەکات، تا لە ساڵی (٤٠٥ك/ ١٠١٤ ز) دەکوژرێت(سبط ابن الجوزي،١٩٩٠: ٢٣١/١٨-٢٣٢)( الإربلي،٢٠٠٤: ١٨٥)، بەڵام لە کۆتاییەکانی حوکمڕانی ڕووبەڕووی کێشەی گەورەی ناوخۆیی لەگەڵ هیلالی کوڕی دەبێتەوە، کە چەندین هۆکار ڕێگە خۆشکەر بوو، کە ئەم کێشەیە بگات بە شەڕێکی بنەماڵەیی لە نێوان باوك و کوڕ، لە هەموی کاریگەرتر هەبوونی بۆشاییەکی گەورەی سۆزداری لە نێوانیان، لەبەرئەوەی هیلال هەر لە منداڵییەوە پەراوێزخرابوو لەگەڵ دایکی، کە لە کوردانی هۆزی شازنجانی بوو، دور لە باوکی پەروەردەکرابوو، ئەمەش وایکرد هەست بە کەنارگیری و نائومێدی و بێبەشکردنی لە سامان و دەسەڵاتی باوکی دەکرد (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٣)، دەوروبەر و بەرژەوەندیخوازانیش ڕۆڵیان لە تێکدانی نێوان باوك و کوڕ و خۆشکردنی ئاگری کێشە هەبووە، بۆ بەرژەوەندی خۆیان و بەدەستهێنانی دەستکەوت .

دیارە میر بەدر ترسی لە هیلالی کوڕی هەبووە، بۆیە بۆ ڕازیکردنی ناوچەی (الصامغان) و دە گوندی پێبەخشی و دەیکات بە فەرمانڕەوایی ئەوێ، بۆ ئەوەی داهاتی ئەم ناوچەیە بۆ خۆی کۆبکاتەوە، بەڵام هیلال بەمە ڕازی نەبوو، لە پێناو فراوانکردنی دەسەڵاتی هێرش دەکاتە سەر شارەزور، کە (ابن الماضي) نوێنەری باوکی بوو، لەم ناوچەیە دەیکوژێ و دەست بەسەر سەروەت و سامانەکەی دادەگرێ، ئەو کارە بارودۆخەکەی خراپتر کرد و بووە هۆی پەرەسەندنی شەڕ و بەرپابوونی جەنگ لە نێوان باوك و کوڕ، کە دواجار هیلال سەرکەوتن بە دەستدەهێنێ، بە هۆی سەخاوەتی لە ڕێگەی سەروەت و سامان توانی لایەنگرانی باوکی بۆ خۆی ڕابکێشێ، بەوە هاوکێشەی شەڕەکان بە لای هیلال کەوتەوە و بەدر شکستی خوارد و دەستگیرکرا.(ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٣ -٥٦٤)

## ٣. تەوەری یەکەم: هۆکارەکانی بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی هیلال

### ٣,١ هەڵوێستی خەڵك بەرامبەر بە کێشەی نێوان کوڕ و باوك

کاتێك میر بەدر لە ساڵی (٤٠٠ك/ ١٠٠٩ ز) لەلایەن هیلالی کوڕیەوە دەستگیرکرا و خرایە زیندانەوە (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٥٦٤/٧) ئەم هەڵوێستەی بەئاسانی تێنەپەڕی و کاردانەوەی لێکەوتەوە، لەبەرئەوەی کارەکەی هیلال لە ڕوی ئایینیەوە کارێکی نەشیاو و ڕەفتارێك بوو پێچەوانەی پرەنسیپ و ئەو بەها ئایینیانەی، کە خەڵك و خودی خۆشی باوەڕی پێی هەبوو هاوکات لەگەڵ دەقی قورئان دژیەکبوو ، کە خوای گەورە دەفەرموویێ(وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلاهُمَا فَلاَ تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلاَ تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلاً كَرِيمًا)(سورة الإسراء،آية٢٣) واتا( خوای گەورە فەرمانی داوە بەوەی چاکە بکەن لەگەڵ ئەوانەی هۆکاری دەرکەوتە و بوونی تۆن، کە دایك و باوکە، ئەگەر یەکێکیان یان هەردووکیان گەیشتنە پیری و بەتەمەن بوون، هەرگیز پێیان نەڵێیت ئۆف و دەنگیان لەسەر بەرزنەکەیەوە و وتەی بێزاریت لێوە دەرنەکەوێ و توڕەیان مەکە، وتەی نەرم و نیان وشیرینیان لەگەڵ بەکاربێنە)( الجيلاني، ٢٠١٤: ١٢/٣-١٣)، کەوایە چاکە کردن و ڕێزگرتن لە باوك، بەشێکە لە بەها ئایینیەکانی ئیسلام، کە ئەمەش وێنەی کردارەکە لە بیر و هۆشی خەڵك گەورەتر دەکات، تا ئاستی تاوان و کاردانەوەکانیان بەشێك لەسەر ئەو بنەمایە بوو.

بەهەمان شێوە لە ڕوی کۆمەڵایەتیشەوە کرداری وەستانەوە و دژایەتی کردنی کوڕ بۆ باوك، کارێکی نائەخلاقییە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی کوردی ئاڕادەیەکی زۆر پارێزگاری لەم بەهایە کراوە، وەك ڕایەڵەیەکی کۆمەڵایەتی بە پیرۆز سەیرکراوە، سەرەڕای ئەوەی لە عەقڵیەتی خێڵدا، کە پێکهاتەی بنیادی خێزانی کورد بوو، لە سەدەکانی ناوەڕاست پێگەی باوك یاخود گەورە لە ئاستێکی بەرز سەیرکراوە، بەتایبەتی کاتێك هەڵگری هەردوو خەسڵەت و پلەی باوکایەتی و سەرۆك خێل و فەرمانڕەوابێت، بۆیە بونی ئەم هۆکارانە بەبێ کاردانەوە نابێت، ئەگەرچی تێڕوانینی جیاوازیش هەبوو، کە خەڵك هەریەکەو بە ویست و بۆچونی خۆی قسەی لەسەر ئەم ڕوداوە دەکرد، هەندێکیان وایان دەبینی، کە ئەمە کارێکی نابەجێ و ئابڕووبەرە. (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٣٦٨/٦)

کەواتە لە دەربڕینی هەڵوێست، دابەشکاری لە نێوان هاوڵاتیان هاتبووە ئاراوە، سەبارەت بە ڕەفتاری هیلال بەرامبەر باوکی، ئەوانەی کارەکەیان بە نابەجێ و ئابڕووبەر داناوە، بێگومان هاوسۆز و لایەنگری میر بەدر بوینە، جا بە هۆکاری ئایینی یان کۆمەڵایەتی یان سیاسیەوە بێت، لەبەرئەوەی ئەم میرە تا کاتی دەستگیرکردنی زیاتر لە سی ساڵ فەرمانڕەوایی کردبوو، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك کاری باشی کردووە لە ڕوی ئاوەدانی و ئابورییەوە [٢]، کە کاریگەری لەسەر بەدەستهێنانی سۆزی بەشێك لە خەڵك هەبووە، کە هەڵوێستێکی پەرچەکرداریان هەبێ، بەڵام ئەم هەڵوێستە تەنها لە چوارچێوەی قسەکردندا قەتیس بوو و نەچووە چوارچێوەی کاردانەوەی کرداری.

بۆ خامۆشکردن و ڕەواندنەوەی ئەم تێڕوانینە و نەهێشتنی ئەم قسانە لە نێوەندە کۆمەڵایەتیەکاندا هەبوو، هیلال داوا لە یەکێک لەلایەنگرانی خۆی، کە هاوکات نوسەریش بوو بە ناوی ( الحسن علي کوڕی نصر) دەکات نوسراوێك بنوسێ و تێیدا پاساوەکانی لەسەر دەستگیرکردنی باوکی ڕونبکاتەوە و ستایشی خوڕەوشتی هیلال

بکات(ابن حمدون، ١٩٩٦: ٣٦٨/٦)، بۆ ئەوەی ئەو خەڵکەی کە بە نامۆ سەیری ڕوداوەکەیان دەکرد و لە بیرکردنەوەدا هاوهەڵوێست نەبوون و بۆچونیان دژی کرداری شەڕکردن و زیندانی کردنی میری باوک بوو، تا بەرچاوڕۆشن و ڕازیان بکات و ڕەوایەتی بداتە ئەم کودەتا سەربازییەی، کە بەسەر دەسەڵاتی شەرعی باوکی ئەنجامیدا .

هاوکات لەناو هاونیشتمانیاندا بۆچونی تریش هەبووە، کە پاڵپشتی (هیلال)یان کردووە و ڕەوایەتیان پێداوە، بۆیە هەندێکی تریان بیانویان بۆ دەهێناوە و وایان دەبینی، کە کارێکی ڕاستە(ابن حمدون، ١٩٩٦: ٣٦٨/٦)، بێگومان ئەم دابەشکارییە لە بیر و بۆچون و هەڵوێستدا ئاگری شەڕەکەی خۆشترکردووە و بەرەو قۆناغێکی مەترسیداری بردووە، کە ئەویش دواجار سەر دەکێشێ بۆکۆتایی هاتنی میرنشینەکە ، کە هۆکاری سەرەکی ئەم کێشە ناوخۆییە بوو، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە بۆچی هەندێ لە خەڵک ڕەوایەتیانداوە بەم کردارە، کە لە بنچینەدا کارێکی نادروستە بە هەموو پێوەرە ئەخلاقی و ئاینی وسیاسییەکان، لە ئەنجامیشدا مێژوو ئەمەی سەلماند، کە بە زەرەری هەردوولا تەواو بوو و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر چارەنوسی باوک و کوڕ هەبوو، کە ئاکامەکەی ڕوخانی میرنشینەکەی لێکەوتەوە و هێزە دەرەکییەکان سودیان لەم شەڕ و ململانێیە ناوخۆییە بینیوە .

لە کاتێکدا ئەوانەی ڕەوایەتیان پێداوە و بیانویان بۆ هێناوەتەوە، دەکرێ بە هۆکاری ئەوە بێ کە تەواو بە ئاگابون لەو نادادوەرییەی کە میر بەدر بەرامبەر بە هیلالی کوڕی ئەنجامیدا بوو، هەر لە منداڵییەوە فەرامۆشی کرد بوو و لە خۆی دورخستبۆوە (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٣)، یاخود هۆکارەکەی ئەوە بوو کە هیلال دەستکراوەتر بووە و پارەی بەسەر لایەنگرانی دابەشکردووە (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٤)، کە بە بۆچونی ئێمە ئەمەیان زیاتر لە ڕاستیەوە نزیک و کاریگەری زیاترە لەسەر وەرگرتنی هەڵوێست لە کۆمەڵگەی خێڵەکیدا، هەروەها خودی ململانێکە ململانێیەکی دەسەڵاتخوازی بوو، کە بکەری سەرەکی هیلال و شوێنکەوتووەکانی بوون و بەرژەوەندیخوازەکانیش ڕۆڵیان گێڕاوە و بە کارێکی دروستیان زانیوە و پشتیوانیان کردووە، لە بەرامبەردا ئەوانەی هەڵوێستەکەیان بە کارێکی قێزەوەن و ئابڕوبەرانە داناوە، پشتیوان و هاوهەڵوێستی میر بەدر بوینە و بە فەرمانڕەوای شەرعیان زانیوە، یاخود خەڵکی سادە و ئاسایی بوینە، بەڵام کرداری کودەتایان بە کارێکی دور لە بەها ئەخلاقیەکانیان زانیوە، کە دەکەوێتە دەرەوەی بازنەی عورفی کۆمەڵایەتی و لەچوارچێوەی سیستەمی خێڵگەرای، کە سەرۆک خێڵ ڕێز لێگیراوە، لە کاتێکدا میر بەدر جگە لە پلەی میرایەتی سەرۆکی هۆزی بەرزیکانیش بوو، هەروەها ئەم ڕەفتارە لە پەیوەندی نێوان باوک و کوڕیشدا ڕەوشتێکی پەسندکراو نییە، بۆیە هەموو ئەمانە کاریگەری لەسەر دەربڕینی نەرێنی و هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانە هەبوو بەرامبەر بە هیلال و هۆکاری سەرەکی بوو بۆ بڵاوکردنەوەی نامەکەی، تا ڕەوایەتیەک بە کارە ناپەسەندەکەی بدات.

### ٣,٢ پێگەی شەرعیەتی میر بەدر کوڕی حسنەوەی

لە ڕاستیدا میر بەدر دوای مردنی باوکی وەک باسمانکرد لەلایەن بوەیهییەکان هەڵبژێردرا، ئەمەش بە مانای شەرعیەت پێدان و پاڵپشتیکردنی ئەو میرەیە لەلایەن هێزێکی کاریگەری ناوچەکە لەوکاتدا، لەسەر ئەم بنەمایە کاتێک میر بەدر دەستگیر دەکرێ، هانا بۆ بوەیهییەکان دەبات و داوای هاوکاری و پشتیوانیان لێدەکات (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٤).

بێگومان میر بەدر لە ماوەی وەرگرتنی دەسەڵاتیەوە تا دەستگیرکردنی لە ساڵی (٤٠٠ك/ ١٠٠٩ ) نزیکەی سی و یەک ساڵ لە فەرمانڕەوایی گوێڕایەڵێکی باشی بوەیهییەکان بووە و لە بەرژەوەندی ئەوان کاری کردووە بەرامبەر بە وەرگرتنی دەسەڵات، خۆی بە قەرزاری ئەوان زانیوە، واتا شەرعیەت پێدان و پاڵپشتی کردنەکە بەبێ بەرامبەر نەبووە، بەڵکو بەرژەوەندی هاوبەش سەرچاوەی سەرەکی پەیوەندییەکان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دولایەن و گوێڕایەڵیکردنی میر بەدرە بۆ بەدیهێنانی خواستی بوەیهییەکان، لە بەرامبەر شەرعیەت پێدان بوو، بۆیە کاتێک شەرعیەتی دەکەوێتە ژێر هەڕەشە و دەستگیر دەکرێ، ڕاستەوخۆ بوەیهییەکان وەڵامی داواکارییەکەی میر بەدر دەدەنەوە، لە ڕێگەی بەکارهێنانی هێزەوە دژی هیلالی کوڕی و ئازادی دەکەن (ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٤-٥٦٥).

دەتوانین بڵێین دەرکردن و بڵاوکردنەوەی نامەکەی هیلال بەشێکی پەیوەندی بە مەترسییەکانی ئەو شەرعیەتەوە هەبوو، کە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە پێیبەخشرا بوو، کە دواجار لەم ڕێگەیەوە شەرعیەتی ناوخۆی بەدەستهێنابوو و بەشێکی خەڵک پشتیوانیان دەکرد و پێیان وابوو دەستگیرکردنی میری باوک لاساری و کارێکی ناپەسند و نابەجێ و ئابڕوبەرە (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٣٦٨/٦)، سەرەڕای ئەوەی لە ماوەی فەرمانڕەوایدا گەلێک کاری باشی لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئەنجامداوە، ئەمەش شەرعیەتەکەی لای خەڵک تۆکمە و پتەوتر کردووە و ڕەزامەندی بەشێکیانی بەدەستهێناوە تا پاڵپشتی لێبکەن .

لەگەڵ هەموو ئەوانەش میر بەدر بە کارەکانی ناوبانگی باشی پەیدا کردبوو و وەک کەسایەتیەکی دیار لە ناوچەکە تەماشا دەکرا، بەتایبەتی لەلایەن خیلافەی عەباسی، ئەمەش گرنگی خۆی هەبوو، لەبەرئەوەی لەم سەردەمە نازناوی خەلیفە و ئەو کەسەی ئەم نازناوەی هەڵگرتبوو، تەنها نازناوێکی دونیایی نەبوو، بەڵکو تایبەتمەندی ئاینیشی هەبوو، چونکە پێیان وابوو خەلیفە ئاینی وەک ڕێبازێکی حوکمڕانی وەرگرتووە و ڕەمزێکی ئاینیش بوو لە جیهانی ئیسلامی (الميساوي، ٢٠٠٨: ٤٦)، بۆیە دانپێدانانی خەلیفە بە میر و فەرمانڕەواکان ڕاستەوخۆ شەرعیەتدان بوو بەو کەسە .

لەم چواچێوەیەدا ئەم میرە کوردە لەلایەن خەلیفەی عەباسی (القائم بالله : ٣٨١ – ٤٢٢ ك/ ٩٩١- ١٠٣١ز) دانی بە دەسەڵاتی دانراوە و لە دیوانی خیلافەوە بڕیاری بەخشینی نازناوی ( أبو النجم ناصر الدين و الدولة)ی بۆ دەرکرا، لە بەرامبەردا میر بەدر ڕێزی لە خەلیفە دەگرت و بە هێمای شەرعیەتی دادەنا و لەسەر دراو و لە خوتبەدا ناوی دەهێنا و خۆی بە مەولای ئەو ئەژماردەکرد و لە نوسراوەکاندا خۆی بە (مولى أمير المؤمنين) دەناساند(ابن الأثیر، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٠١) (سبط ابن الجوزي،١٩٩٠: ١١٠/١٨)( توفيق، ٢٠١٠: ١٥٩)

ئەم بەخشینی نازناوە پاڵپشتیەکی گەورە بوو بۆ بە شەرعی بوونی میر، چ لەسەر ئاستی ناوخۆ چ لەسەر ئاستی دەرەوەی حوکمڕانی حسنەوەیهی، هەروەها بەستنەوەی هەردوو لایەنی ئاینی و سیاسی بوو بەیەکەوە لە خودی کەسایەتی میر بەدر بە ناوی سەرخەری ئایین و دەوڵەت، کە ئەمەش گومانی ناشەرعی بوونی نەهێشتبۆوە، لە کاتێکدا خەڵک دام و دەزگاکانی خیلافەتیان وەک سەرچاوەی شەرعی تەماشا دەکرد، ئەم شەرعی بونەی بەدری باوک دڵەڕاوکێ و دودڵی لای هیلال دروستکرد بوو و مەترسی کاردانەوەی لێدەکرد، بۆ ڕەواندنەوەی وەهمی بەشەرعی بونی باوکی ئەم نامەیەی بڵاوکردەوە .

### ٤. تەوەری دووەم: بەگەڕخستنی ئایین لە پەیامەکەی هیلال بۆ ڕەوایەتیدان بە کارەکەی

### ٤،١ پاساوی ئایینی بۆ ڕەوایەتیدان بە کودەتا

کۆمەڵگەی کوردی وەك بەشێکی زۆری جیهانی ئیسلامی کۆمەڵگەیەکی ئایینی بووە، لە سەدەکانی ناوەڕاست ئایین بەشێك بووە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و شێوازی بیرکردنەوەی، کە کاریگەری بەسەر پڕۆسەی سیاسیشەوە هەبووە، بۆیە سوڵتان و میر و فەرمانڕەواکان کارەکانیان ئەگەر نەگونجاو و ناشایستە و خراپیش بوایە، پەیوەستیان دەکرد بە ئایینەوە، تا لە بەردەم خەڵك جۆرێك لە ڕەوایەتی بە کارەکانیان بدەن.

أ- دەبینین هیلال دوایی دەستگیرکردنی میر بەدری باوك، بە ڕەچاوکردنی هەستی ئایینی کۆمەڵگەی کوردی نامەیەك بڵاودەکاتەوە، سیمای ئایینی تەواو پێوە زاڵە، کە پڕیەتی لە پاساوی ئایینی و هاندانی خەڵك بەم ئاڕاستەیە کە تێیدا دەڵێت (باشترین شت بۆ گوێگرتن و چاکترین شت بۆ پەیوەست بوون و شوێن کەوتن پەرتوکی خوای گەورەیە، کە نێردراوە بۆ سەر دڵی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)، خوای گەورە وتەکانی ڕاستە و گومانی تێدا نییە، ڕێگا نیشاندەرە، بە ئاگاهێنەرەوەیە بۆ خەڵك، هانیاندەدا لەسەر قسەی ڕاست ، بترسێن لە تاوان و بە ئاگابن لە گوناه)(ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٦٨ ) .

ب- لە سەرەتای نامەکەدا هەوڵیداوە ئەوە بۆ خەڵك ڕون بکاتەوە، کە بۆ هەڵسەنگاندن و ڕاستی و دروستی کارەکانی شوێن قورئان بکەون و چەند دەقێکی لە بەرژەوەندی ڕەوشەکە هەڵبژاردووە و بەشێوەیەك تەفسیریان بۆکردووە، کە خزمەت بە بارودۆخەکە بکات لە بەرژەوەندی هیلال، بەو مانایەی کە باسکردنی ناوبراو بە گومانەوە تاوانەکی گەورەیە لە میزانی یەزدان، بۆ ئەم مەبەستە ئەم ئایەتەیان لە پەیامەکە بەبەڵگە هێناوەتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرمووێ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيرًا مِنَ الظَّنِّ إِنَّ بَعْضَ الظَّنِّ إِثْمٌ ﴾ ( الحجرات، الآیة: ١٢) (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٣٦٨/٦) واتا( ئەی ئەوانە باوەڕتان بە خوا و بە پێغەمبەر هێناوە، زۆر خۆتان بە بەدوربگرن لە گومان لەبەرئەوەی هەندێ لە گومان بردن تاوانە )( الطبري، ٢٠٠١: ١٣/ ١٥٤-١٥٥) .

ج-لێرەدا لە ڕێگەی ئەم ئایەتە، ئەمە بیر خەڵك دێنێتەوە، کە گومان بردن تاوانە، لە کاتێکدا کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی بڕواداری شوێنکەوتەی پەرتوکی خوایە، بۆیە دەبێت دور بکەوێتەوە لە گومان بردن بەوەی کە هیلال کارێکی خراپی بەرامبەر بە باوکی کردووە ، بەڵکو ئەمە تاوانە بەرامبەر بە کەسێك، کە دورە لە تاوان و ئەستۆپاکە و دورە لە ناپاکی، ئەگەرچی ئەم ئایەتە هێندراوەتەوە، بۆ ئەوەی لەگەڵ کردار و ڕەفتارەکانی هیلال بیگونجێنی و جۆرێك لە ڕەوایەتی پێبدات، بەڵام پێیان وایە ڕوداوی هێرشکردن و دەستگیرکردنی باوکی و تەفسیری ئەم ئایەتە زۆر لێك دورن و کارەکانی ناوبراو هیچ بوارێکی بۆ گومان نەهێشتۆتەوە، بەڵکو هەموی ڕاستی بوون لە واقیعدا بە بەرچاوی خەڵکەوە ڕویاندا، سەرەڕای ئەوەش خوا دەفەرموێ هەندێ لە گومان بردن تاوانە، واتا هەموو گومانێك ناگرێتەوە .

د- لەم پەیامەیەدا بەوە ئاشنا دەبین، کە چەند ئایەتێك خراوەتەڕو و هەوڵدراوە لەگەڵ ڕەوتی ڕوداوەکان بێتەوە و لە بەرژەوەندی هیلال بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دەقانەی کە تەواو دژی ڕەفتار و کردارەکەی ئەون، بۆ نموونە لە یەکێك لە ئایەتەکان خوای گەورە دەفەرمووێ﴿ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴾(سورة الإسراء،آیة٢٣)، چاکەکردن لەگەڵ دایك و باوك ئەرکێکی ئایینی و تەنانەت نابێت قسەیەکی نەشیاو و نە گونجاویشیان پێبگوترێ، کە پێی دڵگران و نائاسوودەبن، چ جای ئەوەی شەڕی لەگەڵ بکرێ و دەستگیر بکرێ و بخرێتە زیندانەوە، تەنها لەبەر خواستی دەسەڵاتداری و وەرگرتنی دەسەڵات، هەموو بەها ئایینی و مرۆڤایەتییەکانی پشتگوێخست .

هـ- بە سەرنجدان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە کەسایەتی هیلال لە ڕوی قسەوە دەرکەوتەیەکی هەیە و لە کرداریشدا دەرکەوتەیەکی تر دوڕوی جیاواز لە کەسایەتییەکدا بەرجەستە بووە، وەك (عەلی وەردی) لە وێناکردنی ئەم جۆرە مرۆڤانە دەڵێت:( ئیزدیواجیەت و دووسەرگیری زۆرگرنگە، لەم جۆرە حاڵەتەدا پێویستە کەسیەتی مرۆڤ بێتە دوو بەشەوە، بەشێکیان تەرخان دەکرێ بۆ بیستنی ئامۆژگاری و بەشەکەی تریشی سەربەستە بۆ ڕاکردن بە دوای ئامانجەکانی ژیانیدا )(وەردی، ٢٠٠٦: ٥٦) ، ئەم قسەیە بۆ (هیلال)یش ڕاستە لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی، کە خۆی لە وەرگرتنی دەسەڵات دەبینێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئامادەیی تێدا بوو نزیکترین کەسی خۆی کە بەدری باوکی بوو بخاتە زیندانەوە، لەلایەکی تر خۆی وا پێشاندەدا کارێکی باشی کردووە، خەڵکی ئاگادارکردۆتەوە کە خۆیان بە دوربگرن لە قسەی ناڕاست، بەو مانایەی هەر قسەیەك لەگەڵ خواست و کردارەکانی ئەو نەبێت ناڕاستە .

و- لەم ڕوانگەیەوە لە نامەکە دەقی قورئانی هێناوەتەوە، وەك ئەوەی لە ناوەڕۆکەکەدا هاتووە، کە خوای گەورە دەفەرمووێ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا ﴾( الأحزاب، ٧٠)، لەم ئایەتەدا دەبینین لە خواترسی پەیوەستە بە قسەی ڕاست و دروست، بۆ هیچ کەسێك نابێ چ لەسەر ئاستی تاك یان گشتی شتێکی لە هەر یەکێك بینی، پێی سەرسام نەبوو، یان پێچەوانەی سروشتی ئەو بوو تاوانباری بکات یان گومانی خراپی پێببات، چونکە ئەو ڕقی لە ڕوخسارەکەی دەبێتەوە، بەبێ ئەوەی ناوەڕۆکە جوانەکەی ببینێ، بە تایبەتی ئەگەر لە کەسێك بێ، کە خاوەن دەسەڵات بێت و دوربینی و بەئاگایی سیاسی هەبێ و خێر و شەر بناسی و درکی پێبکات و سوودبەخش و زیانبەخشی تاقی کردبێتەوە، زانیتی چۆن مامەڵە لەگەڵ کاروبار و گرفتی ڕۆژانە بکات، هەموو شتێك سەرەتای هەبێ، کۆتایشی دەبێت و چارەنوسێك کە بۆی دەگەڕێتەوە. (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٦٨).

ز- دەبینین نوسەری ئەم نامەیە هیلالی بەشێوەیەك وێناکردووە، کە ناخ و ناوەڕۆکی پڕیەتی لە جوانی و کەسێکی بە ئاگا لە سیاسەت و لە شەرع و کەسایەتیەکەی لەگەڵ دەقی قورئان گونجاندووە، بۆ ئەوەی شوناسێکی ئایینی پێببەخشێ و لە ڕێگەی ئایینەوە ڕەوایەتی بە کارەکانی بدات و پێیوایە ئەوەی ڕویداوە چارەنوسە و بەرهەمی کارەکانیەتی ئەگەر ئەو ناداددیەی لەلایەن باوکیەوە سەرەتا هاتە ئاراوە، ئەمە وایکرد چارەنوس و کۆتاییەکەی شکست و زیندانی کردن بێت .

ح-لە ڕستیدا ئەم وابەستەکردنەی ئایین و سیاسەت کارێکی تازەنەبووە لەلایەن کورد و میرنشینە کوردییەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو ئیسلام تێڕوانینەکانی خۆی بنیادناوە بۆ دەوڵەت و سیاسەت لەسەر تێکست و دەقی ئایینی، ئەنجامی ئەمە تەدەخولات و تێکهەڵچوونێکی زۆر لە نێوان سیاسەت و ئایین هەیە ، بە شێوەیەك کە ناتوانین دەسەڵاتی ئایینی لە دەسەڵاتی سیاسی جیابکەینەوە، بۆ زانینی ئەو هۆکارانەی لە دواوەی ئەم تێکهەڵکێشیەی نێوان ئایین و سیاسەت قورسایەکی گەورە نابینین، ئەمەش بۆ سروشتی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە لە سەرەتاکانی دەوڵەتی ئیسلامی دەرکەوت دەگەڕێتەوە. (فازیو، ٢٠١٥: ٣٨٦) .

ط- تەنانەت هەندێ کات هاوئایینەکانی خۆیان تەنها لەبەرئەوەی بەرژەوەندییە سیاسییەکانیان یەکی نەگرتۆتەوە، یاخود بیرکردنەوەیان پێچەوانەی بەرژەوەندی و ویستەکانی یەکتر بووە، نەیارەکانیان خستۆتە دەرەوەی بازنەی ئیسلام، خۆیان ئاوێتەی ئایین کردووە و ئیسلامیان کردۆتە هاوبەش بۆ تێکشکاندنی ئەو هێزەی کە دژایەتی و

لە دەرەوەی خواست و ویستی ئەوە، وەك بە ڕونی ئەمە لە نامەکەی (هیلال) دەردەکەوێ و دوارۆژیشیان دیاری دەکات، و دەڵێت: (ئیسلام دەبێتە شیریك بۆ تێکشکاندنی هێزەکەی، ئەمە ڕاستیەکە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم خراپەکارییەکانی و دەبێتە هۆی ترساندنی و ئارامیەکەی لێدەبات، لە کۆتاییدا ئەم کەسە لە ڕۆژی دوایی چارەنوسی دەبێتە ئاگرێکی داگیرساو کەس بەمە ناگات تەنها سەرگەردانەکان نەبێت، کە پشتیان لە خوای گەورە کردوە، بۆیە ئەو خەڵکانەی کە ڕازی نینە لە کارەکانی خوا و بەردەوامن لەسەر ڕێگا و ڕێبازەکەیان، پەیمانی پێداون بە پەشیمانی و پۆشینی جلی شەرمەزاری لە ڕۆژی قیامەت،کە دەفەرموێ ﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴾ آل عمران، ٨٥)، هەروەها دەفەرموێ ﴿ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴾ (النساء، ١١٥)) (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٦٩ )

**ی-** لێرەدا دەبینین ئەو کەسانەی وەك هیلال بیرناکەنەوە، کردەوەکەی ئەویان پێڕاست نییە، ئەوانە ئەهلی ئاگرن و پێیوایە ئەو سەرکەوتنەی ئەو، کاری خوایە، بە پێچەوانەوەش زیندانی باوکی هەر ویستی خوایە، بۆیە قبوڵ نەکردنی ئەم ڕوداوەی پەیوەست کردووە بە قبوڵ نەکردنی ئیسلام و شوێن نەکەوتنی ڕێگەی بڕواداران، ئەوانەی هاوهەڵوێستی ئەو نینە، ئایندەشی بۆ دیاریکردونە، بڕوای وایە لە خەسارەتمەندەکانن و چارەنوسێکی خراپیان هەیە.

## ٤،٢ ستایشکردنی هیلال و تاوانبارکردنی بەدر بۆ ڕەوایەتیدان بە کودەتا

زیادەڕەوییەکی زۆر لە ستایشی هیلال کراوە ، بەشێوەیەك دەردەکەوێ کە هەموو کارەکانی لەبەر خوا ئەنجامدابێت، هەر ئەمەش هۆکاری سەرکەوتنەکەیەتی، بە پێچەوانەوەش بەدری باوکی وەک تاوانبارێکی گەورە دەردەکەوێ و هەوڵدەدات جوانییەکانی باوکی بە ماسك وێنا بکات، خۆی بە هۆکار دەزانێ بۆ لادانی ئەو ماسکە، هەروەها (هیلال)یش شوناسێکی جوان و مرۆڤدۆستانەی پێبەخشراوە، ئەگەرچی هەندێ بە ناشیرینی ببینن، وەك لە ناوەڕۆکی پەیامەکەدا هاتووە (هەندێ کەس هەن خۆی بە جوانی دەردەخات، کاتێك ئاشکرا دەبێت کە چەند ناشیرینە، چەند کەس هەیە جوانە، بەڵام خەڵك بە ناشیرینی دەبینێ). (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٦٨).

ئەم شێوازە دەربڕینە لە ئاست دژایەتی کردن و ناشیرین کردنی باوکی، ئەوەمان پێدەڵێت کە چەند ڕق ئەستور و دەسەڵاتخواز بووە، ئەمەش تەنها لە کۆمەڵگەی خێڵایەتی جێگەی دەبێتەوە، کە سەرجەم میرنشینە کوردییەکان لەسەر ئەم بنەمایە بونیاتنراوە، بەڵام شیکردنەوە و سەرنجدان بۆ خەسڵەت و پێکهاتەی واقعی خێڵ، کە پێکهاتەیەکی بەرتەسك و سنورداری هەیە، کە پڕە لە خۆویستی و قبوڵنەکردنی بەرامبەر، لەگەڵ ئەوەی لە ڕوی نەتەوەیی و هاونیشتمانی و خێزانیشەوە یەکدەگرنەوە، تەنانەت نزیکترین کەسیش کە باوك و کوڕە، بەڵام دژایەتی و دوژمنایەتی یەکتر دەکەن لەسەر بنەمای خۆسەپاندن و فراوانخوازی و بەرفراوانکردنی سنوری جوگرافی (عبدالله، ٢٠١٢: ١٢٦-١٢٧) .

لە ڕاستیدا ئەوەی بە دەسەڵات و سنوری جوگرافی خۆی ڕازی نەبوو و دەستی بە هێرشکاری و فراوانخوازی کرد هیلال بوو، کە پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی باوکیدا نوێنەرەکەی دەکوژێت، دەستدرێژی دەکاتە سەر موڵك و ماڵی و تاڵانی دەکات (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٣-٥٦٤)، بۆیە بۆ ڕەوایەتیدان بە دژایەتی کردنی باوکی و دەستگیرکردنی، خۆی بە پارێزەری ئایین و ژینی خەڵك دەناسێنێ.

ئەوەی جێگەی ئاماژەپێکردنە ئەوەیە کە لەم پەیامەیەدا ئایین بەسەر تەواوی دەق و ناوەڕۆکەکەی زاڵە و کراوەتە شوناس و ستایشی پێکراوە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوشی ئایینی کۆمەڵگەی کوردی سوود وەرگرتن و قۆزتنەوەی سادەیی و قوڵنەبونەوەی لە دەقەکانی ئایین لە کۆمەڵگەی خێڵەکی، بۆیە تەواوی نامەکە بەم شێوەیە داڕێژراوە، بە مەبەستی کارتێکردن و هەڵوێست گۆڕینی خەڵك بەو ئاڕاستەیە کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی هیلال بکات، سەرەڕای تێگەیشتنێکی سەرەتایی و کەم شارەزایی تاکی کورد لە ئایین، بەڵام هەست و سۆزی ئایینی زاڵ بووە لە نێویاندا، ئەمەش ڕێگەخۆشکەر و هاندەر بووە تا لە ڕێگەی ئایینەوە ڕەوایەتی بە کەسایەتی هیلال بدرێ، ستایشی کارەکانی بکرێ و کەسایەتی ئەو بە کەسایەتیەکی ئایینی چاکەکار وێنا بکرێ، بەو مانایەی هەموو کارەکانی لە پێناو خوا کردووە، وەك لە پەیامەکەدا دەڵێت: ( پێغەمبەر(د.خ) هەواڵی داوە بەوەی خەسڵەتی باوەڕداران و لە خواترسان ئەوەیە کە خوا دەفەرموێ ﴿ لا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الْآخِرِ يُوَادُّونَ مَنْ حَادَّ اللَّهَ وَرَسُولَهُ وَلَوْ كَانُوا آبَاءَهُمْ أَوْ أَبْنَاءَهُمْ أَوْ إِخْوَانَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ أُولَٰئِكَ كَتَبَ فِي قُلُوبِهِمُ الْإِيمَانَ وَأَيَّدَهُم بِرُوحٍ مِّنْهُ وَيُدْخِلُهُمْ جَنَّاتٍ ﴾ (المجادلة، ٢٢) ئەمە ڕاستە بۆ ئەو کەسەی کە گوێڕایەڵی باوکی نەبووە، بە مەبەستی ڕازیکردنی خوا، لە پێناو خوا خێزان و براکانی بە جێهێشت، لە پێناو خوا سیلەی ڕەحمی پچڕاند، بۆیە خوای گەورە پاداشتی ئەوەی پێدایەوە و لەگەڵ ئەو عەبدانەیدا کە خوای گەورە ڕازییە لە کارەکانیان و سوپاسگوزاری هەوڵ و کردارەکانیانن و بەهەشتی بۆ ئامادە کردوون، لەبەرئەوەی ئەو بارودۆخەی بەسەری هات، کە خەڵك ڕقیان لێبێتەوە لە دڵەکانیان دور بکرێتەوە، تەنها لە پێناو نزیکبونەوە لە خوای گەورە و سور بون لەسەر بەدەستهێنانی پاداشتی دونیا و دوارۆژ). (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٦٩).

دەبینین هەوڵدراوە دەقی قورئانی بە کەسیەتی هیلال تەفسیر بکرێ، بەو مانایەی ئەم ئایەتە ڕێك ئاماژەیەکی ڕون و بەڵگەیە بۆ پاکیەتی ڕەوایەتی ناوبراو بە شێوەیەك کە هەموو کارەکانی لە پێناو خوا ئەنجامداوە، نەك تەنها لە دونیا کارەکانی ڕاستە، بەڵکو دوارۆژیشی دیاریکردووە لە پاداشتی ڕاستی دونیای بەهەشتی بۆ ئامادەکراوە.

لە ڕاستیدا هیچ جۆرە پەیوەندییەك لە نێوان کردارو ڕەفتارەکانی هیلال و واتای ئایەتەکە بەدی ناکرێ، کە بریتیە لە( دەست ناکەوێ و نابینرێ گەلێ بڕوای بە خوا و ڕۆژی دوایی بێت، لە کاتێکدا خۆشەویستی و دۆستایەتی کەسانێ بکەن کە دوژمنایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی ئەکەن، با ئەو دوژمنانەی خوا باوکتان بن یان کوڕیان یان برایان یان هۆز و خزم و کەس و کاریان بن، ئەوانەی کە دۆستایەتی لەگەڵ دوژمنانی خوا ناکەن خوا بڕوای لە دڵیان نوسیوە و جێگیر کردووە، پشتیوانی کردون و بەهێزی کردون بە بەڵگە و نور و ڕێنیشاندەری خۆی دەیانخاتە بەهەشتانێك ) (الطبري،٢٠٠١ :٢٨/ ٣٢).

کاتێك مانای ئەو ئایەتە دەخەینە ڕو بۆمان دەردەکەوێ پەیوەستیەك نابینین لە نێوان (هیلال) و ناوەڕۆکی ئایەتەکە، بە پێچەوانەوە تەنها تاوانبارکردنی باوکی لێدەخوێندرێتەوە، بە شێوەیەك کە بەدوژمنی خوا وێناکراوە و خستویەتیە دەرەوەی بازنەی ئیسلام و تاوانباری کردووە، بە لە ئایین دەرچو باسی کردووە، وەك لە پەیامەکەدا هاتووە و دەڵێت : (کاتێك باوکم دیت (خوای گەورە هیدایەتی بدات و بیهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست) کە بەردەوامە لەسەر ئەو ڕێگەیە کە پێ خلیسکی ببات و توشی هیلاکەت و لەناوچونی بکات ڕێگەیەك کە دەبێتە هۆی مردنی لەگەڵ تێپەڕبونی تەمەنی لە مەرگ و لە لێواری گۆڕ نزیک دەبێتەوە، بۆیە بڕیارماندا ڕێگری بکەین لە زیاتر دورکەوتنەوەی لە خوای گەورە، کە ئەمە چاکترە بۆی تا تاوانەکانی سوکتر بکەین و ڕێگری لە ئەنجامدانی تاوانی زیاتر بکەین ، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی چاکەی کوڕەکەی لە بەرامبەر باوکی زیاتر

بكات و ڕێگە بگرین لە ئەنجامدانی تاوانی زیاتر، ئەمەش باشترین ڕێگەیە كە كوڕ سوپاسی باوكی بكات، بۆیە ئێمەش ئەو دەستەی بۆ شەڕ درێژ دەكرا گرتمان و ئەو تیرانەی زیانی بە خەڵك دەگەیاند، ڕێگریمان لێكرد و ترسمان بۆ دروستكرد، هەتا وەكو دور بكەوێتەوە لەو شتانە زیندانیمان كرد بەو هیوایەی كە خوای گەورە بیگەڕێنێتەوە سەر ڕێگەی ڕاست و بەخەبەر بێت لەو بێئاگایی و هۆشی بێتەوە سەرخۆ و بگەڕێتەوە لای خوای گەورە و بە ناچاری  ئەوەندەی تەمەنی ماوە تا سوود وەربگرێ لەو ئەزمونەی زیانی پێگەیاند، ئەوجا دەزانێ كە چەند تەمەنی بە فیڕۆ ڕۆیشتووە تا بە تۆبەیەكی پاك بەرەو یەكتاپەرستی ببات و تامەزرۆی گەیشتن بێت بە خوا و تكاكارێت بە تۆبە لە خوای گەورە، وەك خوای گەورە دەفەرموویت﴿ ثُمَّ إِذَا مَسَّكُمُ الضُّرُّ فَإِلَيْهِ تَجْأَرُونَ﴾ (النحل، ٥٣) (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٦٩- ٣٧٠ ) واتا( ئینجا ئەگەر زیانێكتان لێكەوت پەنا و هاوار بۆ خوا دەبەن)(القشيري، ٢٠١٥: ٣/ ١٦٠)، لە پەیوەندی نێوان مانای  ئایەتەكە لەگەڵ ئەو دەقە ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ، كە هیلال هەموو كارەكانی لە دەستگیركردن و زیندانیكردن و زیانگەیاندن بە باوكی تەنها بۆ ئەوە بووە كە بگەڕێتەوە لای خوا و هەموو ویستەكانی خۆی لە دواوەی ئەمە شاردۆتەوە لە گەیشتن بە دەسەڵات .

لە كۆتایی نامەكەدا پڕیەتی لە تاوانباركردنی باوكی، تەنها لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تایبەت و ویستی دەسەڵاتخوازی، لەبەرئەوەی شەڕی نێوان هیلال و بەدری باوكی بەهیچ شێوەیەك پەیوەندی بە ئایینەوە نەبووە، بەڵكو تەنها چاوتێبڕینی هیلال بوو لە دەسەڵاتی باوكی و ڕازی نەبوو بەو بەشەی  پێی بەخشیبوو، بەڵام بۆ ڕەوایەتیدان بە كارەكانی، چوارچێوەیەكی ئایینی بۆ داڕشت بوو، خۆی بە پارێزەری ئایین دەزانی و باوكیشی بە دەرچوو و لادەر لە ئایین دادەنا، ئەمەش هۆكارەكەی بۆ لەبەرچاوگرتنی هەست و سۆزی كۆمەڵگە دەگەڕێتەوە ، تا لە ڕێگەی ئایینەوە شەرعیەت بەكارەكانی بدات .

ئەوەی جێگەی سەرنجە  ئەو نامەیە ناڕاستیەكی زۆری تێدا بەدی دەكرێ، لەسەروی هەموویانەوە ئەوەیە كە میر بەدر بەگوێرەی سەرچاوە مێژووییەكان كەسێكی باش بووە و ستایشی زۆری كراوە، بە ڕەوشت بەرز و چاكەكار و دادپەروەر لەناو گەلەكەی وەسفكراوە (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٩٦)(نەقشبەندی، ٢٠٠٨/ ٢٥٥- ٢٥٧)، ئەگەرچی هەندێ كەم و كورتیشی هەبووبێ، بەتایبەتی لە دواساڵەكانی فەرمانڕەوای، بەڵام نەگەیشتپتە ئەو ئاستە خراپەكاریەی وەک ئەوەی لە پەیامەكەدا هاتووە، كە ڕێك پێچەوانەی كەسایەتی ئەوە بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەكیان بۆ ڕاستی قسەكان هێنابێتەوە، لەگەڵ ئەوەی لە پەیامەكەدا باوكی بەوە تاوانباركردووە، كە دەستی بۆ شەڕ درێژ كردووە، ئەمەش دورە لە ڕاستی ئەوە هیلال بوو دەستپێشخەر بوو لە هەڵگیرساندنی شەر، بەڵكو میر بەدر بەرگریكار بووە، و هەوڵیداوە سنورێك بۆ دەستدرێژییەكانی كوڕەكەی دابنێ، ئەمەش كارێكی شەرعی و یاساییە بە گوێرەی قسەی زانایانی ئیسلامی، كە جەختیان كردۆتەوە لە پێویستی بوونی یەك خەلیفە و یەك میر و یەك پێشەوا (سلمان، ٢٠٠١: ٢٨٢)، واتا نابێت لە هیچ ناوچەیەك دوو میر فەرمانڕەوای بكات بە مەبەستی پاراستنی ئارامی و بەریەكنەكەوتنی بەرژەوەندییەكان، كە دواجار تەنها خەڵك تێدا زەرەرمەند دەبن و دەبن بە سوتەمەنی، وەك ئەمەی لە نێوان (هیلال) و (بەدر) ڕویدا .

سەرەڕای هەموو ئەو دەستدرێژی و خراپەكاری و لە زیندانی كردن و بە تاڵانبردن و زەوتكردنی پلەی میرایەتی، هیلال پێیوا بوو بەم كارەی پاداشتی باوكایەتی داوەتەوە، وەك لە نامەكەدا هاتووە( بەم جۆرە مافی بەخێوكردنی باوكمان دایەوە و حورمەتی باوكایەتیمان پاراست لە ڕێگەی ئاڕاستەكردنی بەرژەوەندییەكانی و ڕزگاركردنی لە تاریكی و تاقیكردنەوەی بە فیتنە پێش مردنی و داوا لە خوای گەورە دەكەین، كە سەرمان بخات، بۆ ئەوەی لە خوای گەورە نزیك ببینەوە و پاداشتمان بەدەست بگات، سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو نیعمەتانەی كە پێی بەخشین و ئێمەی كردە هۆكارێك بۆ چاكردنەوەی ئەو خراپەكارە (فاسیدە) و گەڕاندنەوەی ئەو كەسەی لێی دوركەوتۆتەوە و چاككردنەوەی هەڵەكانی ڕابردو و ڕاستكردنەوەی ڕەوشتی خراپ و تیماركردنی برینەكان و بەردەوامی ڕێچكەی ئایین و كۆكردنەوەی یەكڕێزی موسلمانان ئەوەندە سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەكەین، كە ئەو هەموو نیعمەتانەی پێبەخشین، دەبێت حەقی ئەو سوپاسگوزاریەی بزانین و لەبەر ئەو بەهرە جوانانەی كە پێی بەخشین داوای لێدەكەین ئارامیمان پێ ببەخشێ، لەسەر ئەو شتانەی تاقیمان دەكاتەوە بە ڕوبەڕو بوونەوەی باوكم، بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ شوێنكەوتەی ئایین و پەرتوكی خوای گەورە و دوركەوتنەوە لە هۆكارەكانی توڕەبوونی خوای گەورە و سزاكەی. (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٧٠)

لە دوا دێرەكانی نامەكەدا ئەمەی ڕونكردۆتەوە كە ئەم نامەیەی ئاڕاستەی خەڵك كردووە، بە مەبەستی كارتێكردنیان و گۆڕینی هەڵوێستیان، كەوا دەبێت گوێڕایەڵی هیلال بن و وەك سەركردەیەكی، خۆیان تەماشایی بكەن، كە دەڵێت: (ئەم نامەیە ئاڕاستەكرایە بۆ خەڵكی گشتی و تایبەت ئەوانەی پێیان گەیشتیە یان هەواڵەكەیان لەسەر خوێندراوەتەوە، تاوەكو بزانن ئەگەر ئێمە كارەكانمان تایبەتمەند نەكەین بە خوای گەورە وەك پاداشتێك بۆ ئەو نیعمەتانەی كە پێی بەخشیوین، نابێت ئەو نیعمەتانە دورمان خاتەوە لە هاوبەشیكردنی خەڵك و بەشداری پێكردنی كۆمەڵ، لەبەرئەوەی ئێمە بەرژەوەندی ئەوانمان پێشخستووە، مرۆڤ  دەبێت لەگەڵ دەرونی خۆی دادوەربێت و دوربكەوێتەوە لە دودڵی و وەسوەسە و ئەو ئەفكارانەی كە بە مێشكتان داهاتووە، ئێمە بە دور و درێژی بۆمان ڕونكردنەوە، بۆ ئەوەی گوێڕایەڵی لە دڵتان خۆشەویست بێت، تا شوێنەواری ئەو نامە دەركەوێ لەسەر قسەو كردارەكانتان، دەبێت سەركردەی خۆتان وا بێتە پێش چاوی كە ئاگای لێتانە و پارێزگاریتان لێدەكات، بە سۆزە لەگەڵتان و ڕێگەیەكی فراوان دەبینێ، مەبەستمان شوێنكەوتەی ڕاستیە، خوای گەورە لەگەڵ باوەڕدارانە ڕێگە نیشاندەری ئەوانەیە، كە خۆی دەیەوێ بیانهێنێتە سەر ڕێگەی ڕاست) . (ابن حمدون، ١٩٩٦: ٦ /٣٧٠)

سەرەڕای هەموو ئەو پاساو هێنانەوە و هێنانەوەی دەقی قورئانی بە مەبەستی ڕەوایەتیدان بە كودەتاكەی و خۆدەرخستنی بەوەی كە هەموو كارەكانی لە پێناو خوا كردووە ، بەڵام ئەمە نەیتوانی ڕەوایەتی و پشتیوانی زۆرینەی خەڵك بەدەست بهێنێ، بە بەڵگەی ئەوەی كاتێك بوەیهییەكان هێرشی دەكەنە سەری بەئاسانی دەستگیری دەكەن (ابن الأثير، ٢٠٠٦: ٧/ ٥٦٤- ٥٦٥)، واتا خەڵك بە سەركردەی خۆیان نەزانیوە و بەرگریان لێنەكردووە، كەواتە هەموو ئەو تاوانباركردنەی باوكی بە ناوی خوا قسەكردن و خۆ پەیوەست كردن بەئایینەوە، نەیتوانی لە ئاستی ناوخۆ خەڵك ڕازیبكات و پشتیوانیان بەدەست بهێنێ، هەروەها لەسەر ئاستی دەرەكیش هاوئایینەكانی خۆی پشتگیریان نەكردووە و نەبونە فریادڕەس، تا درێژە بە فەرمانڕوایەتیەكەی بدات .

لە ڕاستیدا كاتێك پەیامەكەی هیلال لەگەڵ كردارەكانی بەراورد دەكەین، دووفاقی و دووسەرگیریەكی زۆری تێدا بەدیدەكەین، كە ئەمەش دەرهاویشتەی ئەو هەلومەرجە كۆمەڵایەتیەیە، كە تێیدا پەروەردە بووە دوور لە سۆزی باوكی لەگەڵ ژینگە و كەلتورو ئایینەیە، كە لە كۆمەڵگەی كوردی بوونی هەبووە، ئەمە ڕەنگدانەوەی تەواوی لەسەر كەسایەتی و هەڵسوكەوتی هیلال هەبووە، بە شێوەیەك ئاڕاستەی كردووە كە لە

ڕوێكەوە بە دوای تۆڵەكردنەوە و ڕاكردن بۆ بەدەستهێنانی خواستەكانی خۆیەوە بێت، لەلایەكی تر هەوڵی ڕازیكردنی خەڵك بدات بە وتاری ئایینی، بۆیە كەسایەتیەكی لێدەركەوتووە كە كردارەكانی زۆر جیاوازن لە قسە و وتارەكانی .

## ٥. ئەنجام

١- پەیامەكەی هیلال لەژێر فشار بڵاوكراوەتەوە، بۆ ڕەواندنەوەی ئەو هەڵوێستەی كە لەلایەن خەڵك دروست بوو لەسەر ڕەفتاری ناوبراو بەرامبەر بە باوكی.

٢- بەكارهێنانی ئایین لەلایەن هیلال بە مەبەستی بەرژەوەندی سیاسی و گەیشتن بە ئامانجەكانی بووە، ئەمە زۆر بەڕونی لە پەیامەكەدا دەردەكەوێ.

٣- لە ناوەڕۆكی پەیامەكەدا ناڕاستیەكی زۆر بەدەردەكەوێ، بەتایبەتی لە تاوانباركردنی باوكی كە قسەكانی پێچەوانەی هەموو مێژونوسانە لەسەر میر بەدر، كە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی زۆر ستایشی دەكەن و چەندین كاری باشی كردووە لە ئاوەدانی و نەهێشتنی دز و جەردە و بەخشندەیدا.

٤- بەكارهێنانی قورئانی پیرۆز، بە مەبەستی گونجان لەگەڵ ڕەفتارەكانی هیلال، یەكێكە لە سیما دیارەكانی ناو پەیامەكە، كەچی لەڕاستیدا تەفسیری ئایەتەكان بە هیچ جۆرێك لەگەڵ كردار و ڕەفتارەكانی ئەو یەكتر ناگرنەوە، بە پێچەوانەوە ئەگەر لەسەر بنەمای دەقی قورئانی بووایە، نەدەبوو هیلال كارێكی لەم جۆرەی بەرامبەر باوكی ئەنجامدابووایە، كە دواجار هۆكارێكیش بوو بۆ لە ناوبردنی میرنشینی حەسنەوەیهی.

٥- لەم نامەیەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ، كە ئایین بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و كەسی بەكارهێنراوە، كە بەمشێوەیە ستەم لە ئایین كراوە و بنەماكانی شێوێندراوە و بەشێوەیەك تەفسیركراوە كە لە بنچینەی خۆی خزێندراوە، دواجار ئەو ڕوخسارە شاراوەش تا سەر بەردەوام نەبوو، كە خۆی لە پەنای ئایندا شاردبووە.

٦- یەكێكی تر لەو ئەنجامانەی كە پێیگەیشتین ئەوە بوو كە لە پەیامەكەدا هیلال لە هەندێ شوێندا بە ناوی خواوە قسە دەكات، چارەنوسی خۆی بە وەرگرتنی پاداشت دیاریكردووە و نەیارەكانیشی بە خودی بەدری باوكیشی بە لە ڕێ لادەر و گومڕاو سەرگەردان سەیركردووە.

## ٦. سەرچاوەكان:

القرآن الكريم

### ٦,١ سەرچاوە عەرەبییەكان:


ابن ابي الهيجاء: الأمير عزالدين محمد بن ابي الهيجاء وشترين بن حسام الدين الهذباني، (٢٠٠٤)، تاريخ ابن ابي الهيجاء طبع مع تاريخ القضاعي (ت ٤٥٤هـ/١٠٦٢م)، تحقيق: أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت.

ابن الأثير، عزالدين أب الحسن علي بن أبي الكرم محمد الجزري، (٢٠٠٦) الكامل في التاريخ، تحقيق: عمر عبد السلام تدمري، دار الكتاب العربي، بيروت.

ابن الجوزي، جمال الدين أبو الفرج عبد الرحمن بن علي. (١٩٩٢)، المنتظم في تاريخ الملوك و الأمم، دراسة و تحقيق: محمد عبد القادر عطا و مصطفى عبد القادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت .

ابن حمدون، محمد بن حسين بن محمد بن علي، (١٩٩٦)، التذكرة الحمدونية، تحقيق: إحسان عباس و بكر عباس، دار صادر، بيروت .

ابن خلدون، عبد الرحمن بن محمد بن خلدون، (٢٠١١). تاريخ بن خلدون المسمى (العبر و ديوان المبتدأ والخبر) دار ابن حزم، بيروت .

إسماعيل، فرست مرعي، (٢٠٠٥) الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سپيريز، دهوك.

إسماعيل، فرست مرعي، (٢٠٠٥) الامارات الكردية في العصر العباسي الثاني، دار سپيريز، دهوك.

بول، ستانلي لين، (١٩٦٨) طبقات سلاطين الأسلام، ترجمة: مكي طاهر الكعبي، حققه: على البصري، دار منشورات البصري، بغداد.

بول، ستانلي لين، (١٩٦٨) طبقات سلاطين الأسلام، ترجمة: مكي طاهر الكعبي، حققه: على البصري، دار منشورات البصري، بغداد.

الجيلاني، محيي الدين عبد القادر، (٢٠١٤)، تفسير الجيلاني، تحقيق و تخريج و تعليق: أحمد فريد المزيدي، دار الكتب العلمية، بيروت .

الروذراوري، أبو شجاع محمد بن الحسين بن عبد الله (٢٠٠٣). ذيل تجارب الأمم، دار الكتب العلمية، بيروت.

زمباور، (١٩٥١) معجم الأنساب و الأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي، اخرجه: زكي محمد حسن بك و حسن احمد محمود، مطبعة فؤاد الاول، القاهرة .

زمباور، (١٩٥١) معجم الأنساب و الأسرات الحاكمة في التاريخ الإسلامي، اخرجه: زكي محمد حسن بك و حسن احمد محمود، مطبعة فؤاد الاول، القاهرة .

سبط ابن الجوزي، شمس الدين ابو المظفر يوسف بن قزاوغلي بن عبد الله البغدادي، (٢٠١٣)، مرآة الزمان في تاريخ الاعيان، حوادث (٣١٨- ٣٧٢هـ)، حققه و علق عليه: عمار ريحاوي، دار الرسالة العالمية، بيروت.

سلمان، محمود محمد، (٢٠٠١) الماوردي والاجتماع السياسي، بيت الحكمة، بغداد.

سلمان، محمود محمد، (٢٠٠١) الماوردي والاجتماع السياسي، بيت الحكمة، بغداد.

الطبري، ابي جعفر محمد بن جرير. (٢٠٠١)، تفسير الطبري، ضبط و تعليق: محمود شاكر، تصحيح، علي عاشور، دار أحياء التراث العربي، بيروت .

فازيو، نبيل، (٢٠١٥) دولة الفقهاء بحث في الفكر السياسي الإسلامي، منتدى المعارف، بيروت .

فازيو، نبيل، (٢٠١٥) دولة الفقهاء بحث في الفكر السياسي الإسلامي، منتدى المعارف، بيروت .

القشيري، أبي القاسم عبد الكريم بن هوازن بن عبد المليك القشيري النيسابوري الشافعي، (٢٠١٥ م)، تفسير القشيري، وضع حواشيه وعلق عليه: عبد اللطيف حسن عبد الرحمان، دار الكتب العلمية، بيروت.

مسكويه، أبو علي أحمد بن محمد بن يعقوب، (٢٠٠٣)، تجارب الأمم و تعاقب الهمم، تحقيق: سيد كسروي حسن، دار الكتب العلمية، بيروت.

الميساوي، (٢٠٠٨) سهام الدبابي، إسلام السياسة، دار الطليعة، بيروت .

الميساوي، سهام الدبابي (٢٠٠٨)، إسلام السياسة، دار الطليعة، بيروت.

**٦,٢ سەرچاوە كوردییەكان:**

توفیق، زرار صدیق، (٢٠١٠) كورد و كوردستان لە ڕۆژگاری خیلافەی ئیسلامیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر .

عبدوڵلا، كامەران عەزیز. (٢٠١٢) هۆكارەكانی سەرهەڵدان و ڕووخانی میرنشینە كوردییەكان لە سەردەمی عەباسیدا، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر.

مێژووی كورد لە سەدەكانی ناوەڕاستدا

نەقشبەندی، حسام الدین علی غالب، (٢٠٠٨) شارەزورو لوڕستانی باكور لە سەدەكانی ناوەڕاستدا، وەرگێڕانی/ ڕێنج ئەبوبەكر محەمەد، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی .

وەردی، علی حسین محسن، (٢٠٠٦) واعیزەكانی سوڵتان، وەرگێڕانی: عبد الله جبار، چاپی دووەم، سلێمانی.

[1] - بوەیهییەكان، ناوەكەیان بۆ كەسایەتیەك بە ناوی (بویە) دەگەڕێتەوە ، كە سەركردەیەكی دیاری دەیلەمەكان بوو، كوڕەكانی بە یارمەتی سەربازانی دەیلەم و سود وەرگرتن لە بارودۆخی جیهانی ئیسلامی توانیان دەسەڵاتێك بۆ خۆیان دابمەزرێنن و لە ساڵی (٣٣٤ك/ ٩٤٥ز) دەستیان بەسەر شاری بەغدا داگرت ، ئەم بنەماڵەیە لە فەرمانڕەوایكردن بەردەوام بوون تا لە ساڵی(٤٤٧ك/١٠٥٥ز) لەلایەن سەلجوقییەكانەوە كۆتاییان پێهات. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (مسكویە، ٢٠٠٣: ٥/ ١٥٧-١٦١، ٢٧٥-٢٧٦).

[2] - بۆ زانیاری زیاتر لەسەر كارەكانی میر بەدر بڕوانە: ابن الجوزي، د. ت:١٥/١٠٥-١٠٦) (توفیق، ٢٠١٠: ١٥٨-١٦٠) (إسماعیل، ٢٠٠٥: ١٩٥-١٩٧).